# لەپێناو دۆزینەوەی شێوازێکی تری گفتوگۆکردن لەگەڵ لاواندا



**محمد حسين**
muhemedhusen@yahoo.com

بۆئـەوەی لەگـەڵ لاوانـدا بگەینـە لانـی کـەمی لێـك تێگەیـشتن پێویـستە زۆر لـەو چـەمك و بـیرو ڕا نەگۆڕانـەی تائێـستا لەڕۆشـنبیری کوردیـدا بەکارهێنراوە بۆتێگەیشتن لە کێشەی لاوان و ڕۆڵ و ئـەرکیان بگـۆڕین , تاڕادەیـەکی زۆر دەسـتکاری ئـەو تێگەیـشتنە باوەبکـەین کـە دور لـەواقع وێنەیەکی ئایدیالی گەنجی کوردی نیشان داوین . باسەرەتا لەو گریمانەوە دەست پێبکەین کە ئەکرێت لەگەڵ لاواندا و لەناو کێشەڕۆژانەییەکانی ژیانی ئەم توێژەی کۆمەڵدا سەکۆیەك بۆلێکتر گەیشتن و دیالۆگ دروست بکەین , گەر بێت و ئامادەیمان هەبێت بۆ دیـالۆکێکی ڕاسـتگۆیانەی دور لـەدروشمبازی عەنتەرانـە و درۆکردنـی دبلۆماسـیانە , چـونکە سـالأنێکە درۆی قەبـە بـەم توێـژە بەرفراوانـەی کۆمـەڵگای کـوردی ئەبەخـشرێت , شێوازی گفتگۆی بەرپرسانی ئەم وڵاتە لەگەڵ لاواندا لەسەر دوو ڕێچکە بووە , یان لەهەوادا فشیانکردونەتەوەو بەشێوەیەکی ناواقعی باسی ڕۆڵ و کاریگەریەکانیان کردوون , یان کەی دەرفەتیان هەبووە درێغیان نەکردووە لەبەڵێنی تەڕو چەور , کەبێگومانم جێبەجێکردنی 5٪ ئـەو بەڵێنانـە کوردستانی وەکو یەکێك لەوڵاتە ئەوروپیەکان لێئەکرد .

هەمووجارێك کە باسی لاوان و کێشەکانیان ئـەکرێت بـەزمانێکی پۆزەتیف , ڕسـتێك وەسـف و سـەنای گەشبینانە دەبیـسین , وێنەیـەکی گـەنجی کوردمان نیشان ئەدرێت کە تەواو دورە لەڕاستیەوە , وێنەی گەنجی کورد نیە هێندەی کە لە وێنەی سوپەر مانێکی خاوەن هێزی بلیمەت ئەچێت کە هەر کاتێك بیەوێت ئەتوانێت تەواوی کۆمەڵگای کوردی بگۆڕێت . بەڵام ئەم زمانە گەشبینە بـێ ئاگابووەلـەوەی چـەندە پێویـستە بکەوینـە گفتوگۆی لاوانەوە وەك ئەوەی کە خۆیان هەن , نەك ئـەو وێنـە شێواوەیان کەلەخەیاڵگەو عەقڵیـەتی نـەوەکانی پێشتردا بۆیـان دروسـتکراوە و بەردەوام پارێزراوە . مەبەستیان گفتوگۆکردنی لاوان و کێشەکانیان نەبووە وەك ئەوەی لەواقعدا هەیە , هێندەی کە ویـستویەتی بـەلاوان بڵێـت تەماشاکەن ئێوە چەندە بایەخ و گرنگیتـان پێئـەدرێت . یەکـەمین پێشمەرج بۆگفتوگۆیـەکی دروست لەسـەر کێشەی گـەنج لەپیاچونەوەی ئـەو تێگەیـشتنە پێشوەختانەدایە کەعەقڵیـەتی سـونەتی کۆمـەڵ بـۆی بەرهـەم هێنـاوین , لـەئامادەیی ماندایـە بۆتێگەیـشتن و گفتوگۆکردنیـان وەك توێژێکی دیاری کۆمەڵ کەخاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیانن جیاواز لەئاستەکانی تری تەمەن و نەوەکانی پێشتر . نەك ئەوەی سوپەرمانێکی فریاد ڕەسن و هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێیانە تابێن ئەمڕۆ و دوارۆژیشی بۆدیاری بکەن .

بەڵام باپرسین ئایا ئەو بەرێزانەی خەریکی ئەم پیاهەڵدانەن بۆگەنجی کورد بەڕاسـتیانە ؟ یـان هـەر ڕوپاپکردنێکە وەك ئـەو هـەموو پەخـشان بێژیەی ڕۆژانە لەبۆنە جیاوازەکاندا مرۆڤی کورد خەرجی ئەکات . بەڕاست ئەبێت باوکەکانی کۆمەڵگای ئێمە بڕوایان بەوە هەبێت ئـەوە لاوانـی کوردە دوارۆژی ئەم وڵاتە دروست ئەکەن !؟ گەر لەکۆمەڵگای کوردیدا بڕوایەکی واهەیە بۆچی ئـەمڕۆ لاوان لەهـەمو کایـەکانی کۆمـەڵگادا دەسـت بەدەر کراون ؟ نەوەیەك چۆن ئەتوانێت پیاوی داهێنەرو خاوەن کاریگەری و بەرسیارێتی دوارۆژ بێت گـەر لەئـەمڕۆدا لەهـەموو شـتێك بێبـەش کرابێت .

گەر تەماشا کەین لەهـەمو ئاسـتەکانی دەسـلأتدا , دەسـلأتی کۆمەلأیـەتی , دەسلأتی سیاسـی , ئـابوری , ئـاینی , دامـەزراوە کـان بەهـەردو کـەرتی حکومی و تایبەتیەوە , لاوان ڕۆلێکی تەواو پاسیف وناکارایان هەیە , گەر تاك وتەرا یش لاوێك لێرەو لەوێ نزیك بوبێـتەوە لـەم دەسلأتانە ئـەوا وەك پێـشمەرجێك پێویـست بـووە واز لەکارەکتـەرو تایبەتمەندیـەکانی گـەنج بـونی خـۆی بهێنێـت , نـەك ئـەوەی نوێنـەری خواسـت و کێـشەو ئازارەکانی لاوان بێت . ئەم دەزگانە لاوێکیان قبوڵ نەکردووە تاوەکو پێش وەخت لاوێتیان لێ زەوت نەکردبێت . حکایەتی زۆر گـەنجمان لەبـەر دەستدایە بۆئەوەی کورسیەکی ناو یەکێك لەم دەزگانەیان دەست کەوێت هەمو ئەو سروتانەی rituals نـەوە کۆنـەکانیان جێ بـەجێ کـردووە کە هی ڕۆژگاری پێش ئەیرەڤیبە , هەر لە بەرزکردنەوەی وێنەی سەرۆك و چەپڵەلێدان و سەماکردن لەبەردەمیدا , تائەگاتـە ملکەچی کوێرانـە

و وەلائی خێڵەکیانە بۆ حیزبی سەرۆك , یان  تەسلیم بون بەداب و نەریتەکانی ئیدارەکردنی بیرۆکراتیانە و  هەموو ئەو گەندەڵیانەی تریش کە هەموو لایەکمان هاوارمانە لەدەستی . من تێناگەم مانای چیە لەسە ر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان گەنجی کورد ئەم جەنتڵمانە موحتەرەمەیە و کە تەماشای واقعەکەیش ئەکەین لەهەموو ئاستەکاندا پەراوێزخراوو لەبیرکراوە .

لێرەداتەنها یەك فێڵمان بۆئاشکرا ئەبێت , ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەو دەزگاو هێز و لایەنانەی کە پێشتر بەم زمانە گەشبین و هاندەرە (مشجع )مخاتەبەی گەنجیان کردووە تەنها بۆمەبەستی وەدەستهێنانی وەلائی سیاسیان بووە , نەك ئەوەی بیانەوێت کارلێکێکی سروشتییان لەگەڵدا بکەن , بەمانایەکی تر تائێستا نەمانبینیوە هیچکام لەم دەزگاو هێز و گروپانە گەنجانیان بانگکردبێت بۆئەوەی بەخولیاو خەونی گەنجانەی خۆیانەوە ببنە وەڵام دەرەوەی بەشێك لەو خواستانەی گەنجی کورد کەهەمیشە لەشەقامەکاندا قاڵەقاڵ و خۆپیشاندانیان بۆکردووە , لەهەر شوێنێکیشدا گەنجی کورد بەشداریکردنی لێقبوڵکرابێت پێویست بووە ببێتە سێبەرێکی  ئەو کەڵتە سیاسیانەی کە ڕۆژانی شەڕی سارد و نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دروستی کردوون .

لەبارو دۆخێکی وەهادا نابێت چاوەڕێی موعجزەی دروستبونی نەوەیەکی نوێ بکەین وەك فریاد ڕەس , لاوان لەئەستێرەیەکی ترەوە دانابەزن بۆناومان , بەڵکو هەر کۆمەڵگایەك بەتایبەتمەندی وفۆرم کێشەو کەم وکوڕیەکانی خۆیەوە گەنجی خۆی بەرهەم دێنێت , ئەو گەنجەی کۆمەڵگای کوردی بەرهەمی دێنێت دێتە سەر ئەو کێشەو گرفتانەی کەلەسەدەکانی ڕابردووەوە کەڵەکە بووە , ئەبێتە خاوەنی ئەو یادەوەریە بریندارەی ئەنفال وهەڵەبجە ژێرخانەکەیەتی . ئەوە دەزگاکانی خێزان و خێڵ وحیزبی کوردیە کەسایەتی نەوەی نوێی کورد دروست ئەکات بەهەموو باشی و خراپیەکانیەوە . ئەوە دەزگاپەروەردەیەکان وخوێندنگاو زانکۆکانمانە کەسایەتی گەنج ڕەنگ ڕێژئەکەن , کاتێك ئەبینین گەنجێکی خاڵیە لەفکرو خەیاڵی داهێنەرانە ئەبێت بچین ناو زانکۆو دەزگاپەروەردەییەکانی تر بۆئەم هۆکارە بگەڕێین ,کەدەبینین نالێبوردەیەو تادواڕادە غەرقی شەڕەنگێزیە ئەبێت لەو پەروەردە سەقەتە بپرسینەوە کە جگە لەداری سزادان هیچ ئامرازێکی تری نیە بۆپەروەردە کردن . کەواتە کۆمەڵگایەك ئەمە حاڵی دەزگاپەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بێت چاوەڕێی نەوەی داهێنەر و دەست پێشخەری لێناکرێت . چونکە پەروەردەی سەرکوتکەر گەنجی سەرکوتکراوو ترسنۆك وشەرمن بەرهەم دێنێت . هەمو ئەو هۆکارانەی کەدەشێت مرۆڤ لەقۆناخە جیاجیا کانی تەمەنیدا کەڵکی لێوەربگرێت لێرە بەخراپی کار ئەکات . کەواتە گەنجی داهێنەر لەچی دروست ببێت ؟ لەکوێدا پەروەردە بێت و لەڕێگای چ ڕێنیشاندەرێکەوە خۆی بناسێتەوە . ئەو زیادەڕۆی کردنە لەنیشان دانی ڕۆڵ وکاریگەری لاوی کوردا بۆئەوە نیە لەکێشەکانی لاوان تێبگات , یان لەوەوە نەهاتووە بخوازێت کەناڵێك بۆدیالۆك کردن لەگەڵ لاواندا سازبکات و لانی کەم بیروڕای ئەم توێژە خۆیان ببیسێ لەسەر کێشەکانی خۆیان , هێندەی کە لە ئاستی زمان و وشەی پاراودا دەخوازێت دڵیان ڕازی بکات .

گەنجی کورد وەك ئەوەی لەناو کێڵگەیەکی مینڕێژکراودا بسوڕێتەوە لەهەموو لایەکەوە بەحەرام و taboo کانی  ئاین و سیاسەت و کۆمەڵگا چواردەوری گیراوە  , ئەمەیش هێندەی تر هەلو مەرجی ژیانی سەختتر کردوون , بێگومان بینینی ئەم هێڵە سورانە بڕو ئاستی ئەو پەراوێزانەمان بۆدیاری ئەکات کە ڕێگە دراوە بەگەنجی کورد هەڵسوکەوتی تیا بکات , ڕادەی حەرام و قەدەغەکانی ئاین و سیاسەت و ئەخلاقمان بۆدیاری ئەکات.  هەمولاوێك سەرەتایی لاوێتی خۆی ئەبێت لەدۆزەخی غەریزە سروشتیەکانیدا بسوتێت , بۆئەوەی وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی کۆمەڵایەتی بێت و نەکرێتە دەرەوەی تۆڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەبێت  بەوریاییەکی تەواوە سنوری حەرامە کۆنخوازیەکانی ( conservative ) کۆمەڵگا بپارێزێت .

کۆتایی هاتنی دەسلاّتی سەدام حسین وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەژیانی گەنجی کوردا , زۆر شت لەکۆمەڵگای کوردیدا گۆڕاوە , هەلومەرجی ژیانی لاوان لەم ساڵانەی دوایدا گۆڕانی بەرچاوی پێوە دیارە , کەسێك ئامادە نەبێت ئەم گۆڕانانە ڕەچاو بکات ناتوانێت لەگەنجی ئەمڕۆی کورد تێبگات , کەبەشی هەر زۆریان هێندە نائومێد بوون لەم وڵاتەدا هەموو خەون و هیوایەکیان بۆتە ئەوەی چۆن کۆچ بکەن و  بگەنە وڵاتێکی خۆرئاوایی ,  لەدوای ئەم گۆڕانکاریانە جموجوڵی لاوی کورد ئاراستەیەکی تری وەرگرت , دیاردەی چالاکی لاوان لەدەرەوەی دەزگاتەقلیدیەکۆنەکانی پێشتر , دروستکردنی ڕێکخراو و چالاکیی و گفتوگۆی گەنجانە بەشێوەیەکی بەرچاو برەوی سەند . خۆپیشاندان و چالاکیەگەنجانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سەرەتای دروستبونی هۆشیاریەکی سیاسی بوو , بەرپرسیارێتیەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و ئەخلاقی مەزنی گەنجانی نیشاندااین کە تەواو جیاوازە لەو هۆشیاریە سیاسیەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و کێشەی کورد ئەکات لەم بەشەی کوردستاندا .  ئەم گۆڕانانە ئەشێت دەستپێشخەریەکی باشی گەنجی کورد بن بۆ چاکسازی و گۆڕانی گەورەتر لەهەموو هەرێمی کوردستاندا  , سەرەتایەك بن بەئیرادەو خواست و داوای گەنجانەوە کەدوورنیە  لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانن ئەو هێزە گۆڕانخوازە پێك بێنن کەماوەیەکی زۆرە لەوڵاتی ئێمەدا خەونیان پێوە ئەبینرێت . گەشەکردنی ئەم بزوتنەوە چالاکە , یان ئاوابونی و هیچ لێ سەوزنەبونی پابەندی ئەو هەوڵانەیە کەلە ئەکتیڤیستەکانی ئەم بزوتنەوانە خۆیانەوە ئەدرێت . بەڵام هەرچۆنێك بێت کاریگەرییان هەرئەبێت لەسەر ئەمڕۆو داهاتووی کوردستان .

بەدڵنیاییەوە ئێستا کاریگەری گۆڕانە جیهانیەکانیش ئەبینین لەسەر لاوان , ناتوانین لەم هەرێمەدا بژین و پارێزراو بین لەو مۆدێلەتازانەی ژیان کە شۆڕشی زانیاریەکان information دەیخاتە پێش چاومان , وەك چۆن سەرەدەمەکانی پێشتر نەوەی خۆی و مۆدێلی تایبەتی ژیانی خۆی هەبوو بێگومان ئینتەرنێتیش مۆدێلی خۆیمان هەر پێێشکەش ئەکات . جیهانگەرایی ئەمڕۆ فەزایەکی دروست کردووە توانای کارلێکردن وئاڵوگۆڕی کولتورە جیاوازەکان تائەو پەڕی زیادی کردووە , ئێمە بەئاشکرا ڕەنگدانەوەکانی ئەم گۆڕانکاریانە لەناو خەیاڵ و بیرکردنەوەی دەستەبژێرێکی گەنجاندا ئەبینینەوە .. لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێدراوە تازانەدا ئەبێت گەنجی ئەمڕۆی کورد بهێنرێتە سەر سەکۆی گفتوگۆو لێکتر گەیشتن , نەك ئەوەی هەر سەروەریەکانی ڕابردویان پێبفرۆشرێتەوە . گەنجێك کە نائومێدبوو لەوەی دوای تەواو کردنی زانکۆیش بتوانێت بەدرێژایی مانگێك کرێخانویەك پەیدا بکات , گەر لێکی دایەوەوە بۆی دەرکەوت دەخلی 35 ساڵی بەشی ئەوەی ناکات شوقەیەك لەشاری خەونەکان بکڕێت , ئیتر زۆر ئاساییە ئامادەبێت هەرچیی هەیەو نیە لەم دنیادا بیکاتە دەستی قاچاخچیەکی کلاّوچی بۆئەوەی لەئیجە بیپەڕێنێتەوە , باسی هەر سەروەریەکی بۆبکرێت و هەر مێژویەکی پرشنگداری بۆبخوێنرێتەوە , بەقەدەر حەڵقەیەکی تۆم و جێری کاری لێناکات . بۆیە چەندە قسە لەڕوو ڕوهەڵماڵراوبین لەخستنە بەرباسی کێشەکانماندا هێشتا هەر کەمە . لەباسنەکردنی کێشەکانیشدا وەکو خۆی , لەهەوڵنەدانمان بۆدروستکردنی سەکۆیەکی کراوە تاهەمووومان پێکەوە کێشەو گرفتەکانمانی تیا بخەینە بەرباس تەنها خۆمان توشی سەرگەردانی و وێلبون ئەکەین . ناکرێت لاوان هەر بۆپاراستنی دەستکەوتەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بانگ بکرێن , دەبێت هێندە ئاوڕلەژیان و گیروگرفتەکانیشیان بدرێتەوە تاهەست بکەن ئەوانیش سودمەندن لەم دۆخە تازەی ئەمڕۆ کوردی تێدایە .